# بەخشرېشن بۆ دەزگەي بەربەرەكانێ – دامودەزگەي بەربەرەكانێ و كڕین!

## بەربەرەكانێ چییە؟

بەربەرەكانێ ئەو شتەیە كاتێ چەندین كۆمپانیاي جیاواز هەمان جۆري كالآ دەفرۆشن. بەو شێوەیە كۆمپانیاكان پێشبڕكێ دەكەن لەسەر كڕیارەكان. ئەوان پێشبڕكێ دەكەن لەسەر كڕیارەكان بەوەي كەوا نرخي كالآكان هەرزانتر بكەن و كالآي باشتر دروست بكەن.
لەبەرئەوە بەربەرەكانێ شتێكي باشە بۆ كڕیارەكان.
كاتێ بەربەرەكانێ لەكاردابێ، دەبێ كۆمپانیاكە باشتر و باشتر بێ بۆ ئەوەي بتوانێ كالآكاني خۆي بفرۆشێ. بەلآم دەبێ یاسا هەبێ بۆ ئەوەي كە چۆن بەبەرەكانێ كار بكات. لەبەرئەوە یاسایەك هەیە كە ناوي "یاساي بەربەرەكانێ"یە.

## لەبەرچي پەیماني یەكنرخي (كارتێل) قەدەغەیە؟

یاساي بەربەرەكانێ دەصێ، كە قەدەغەیە پەیماني یەكنرخي ببەستن. پەیماني یەكنرخي ئەوەیە كاتێ چەندین كۆمپانیا هەمان كالآ دەفرۆشن، لەسەر نرخي كالآكە هاوكاریي یەكتري دەكەن. ئەوان بە نهێني بڕیار دەدەن كە هەموو كۆمپانیاكان هەمان نرخ لەسەر كالآكانیان دابنێن. ئەوسا بەربەرەكانێ كار ناكات و، ئەوەش شتێكە كە قەدەغەیە.
تەنانەت یەكێتیي ئەورووپا "EU"ش یاساي بەربەرەكانێي خۆي هەیە. ئەو یاسایانە لە سوێدیشدا برەویان هەیە.

## كڕیني فەرمي چییە؟

دەزگەي بەربەرەكانێ چاودێري ئەوەیە كە دامودەزگە سوێدییەكان یاسا ڕەچاو بكەن دەربارەي كڕیني فەرمي. هەموو جارێ كە دەزگەیەك كالآیەك یاخود خزمەتگوزارییەك دەكڕێ، دەبێ دەزگەكە بە فەرمي بیكڕێ. بە ماناي ئەوەیە كە دەبێ دەزگەكە پێشوەخت ڕووني بكاتەوە كە دەیەوێ چي بكڕێ. ئەوسا چەندین كۆمپانیا بواریان دەبێ باسي كالآكانیان یاخود خزمەتگوزارییەكانیان بكەن، پێش ئەوەي دەزگەكە بڕیار بدات لە كام كۆمپانیا شت دەكڕێ.

## دەزگەي بەربەرەكانێ چییە؟

دەزگەي بەربەرەكانێ دەزگەیەكي دەوصەتییە. ئێمە چاودێري ئەوەین كە كۆمپانیاكان ڕەچاوي یاساكاني بەربەرەكانێ بكەن و دەزگەكان ڕەچاوي یاساي كڕیني فەرمي بكەن. ئێمە پێشنیازي یاساي نوێ دەكەین كە بەربەرەكانێ هێشتا باشتر دەكەن. ئێمە پشتیواني ئەوانە دەكەین كە لێكۆصینەوە دەربارەي بەربەرەكانێ و كڕین ئەنجام دەدەن.
دەزگەي بەربەرەكانێ لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیي گشتییەوە سەرپەرشتي دەكرێ.

## بەم شێوەیە پەیوەندیمان پێوە دەكەن

ئەگەر زانیاریي زیاترت دەوێ، دەتواني پۆستي ئەلەكترۆني بنێري بۆ: (konkurrensverket@kkv.se)
دەتواني فاكس بۆ ئەم ژمارەیە بنێري: (08 - 24 55 43)
یاخود بەم ژمارەیە تەلەفۆن بكەي: (08 - 700 16 00)